سەماحەتی حەکیم سەردانی سلێمانی دەکات و چاوی بە بافل تاڵەبانی دەکەوێت و گرنگی دیالۆگ و سەقامگیری و پاراستنی مافی عیراقییەکان دووپات دەکاتەوە



لەدەستپێکی سەردانەکەی بە پارێزگای سلێمانی بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپێیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاویکەوت بە بەڕێز بافل تاڵەبانی سەرکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەوت و لەم دیدارە باسی پێشهاتی سیاسی عێراق و ناوچەکە و شایستە داهاتووەکان کرا.

لەم چاوپێکەوتنە سەماحەتی حەکیم پیرۆزبایی لە خەڵکانی شاری هەڵەبجە کرد بەبۆنەی دەنگدانی ئەنجومەنی نوێنەران بە هەژمارکردنی وەك پارێزگایەکی عێراقی تازە، هیواشی خواست ئەو بەیارە خزمەتێکی گەورە بە ئەو شارە بدی بهێنێت کە پێشر مەینەتی زۆری چێشتوە و قوربانی زۆری داوە.

سەماحەتی حەکیم گرنگی پارستنی ئەو سەقامگیرییەی لە ولات هەیە بە گرنگی وەسف کرد بە ئەوەی کار لەسەر ئەوە بکرێت ببێتە سەقامگیرییەکی هەمیشەیی و چەسپاو. بە ئەوەش بەرپرسیارێتی خستە ئەستۆی سەرجەم هێزە سیاسییەکان و کەمەلایەتییەکان تا ئەو ڕۆڵەوە باشتر بکەن.
هەروەها داوای کرد گفتوگۆی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت بە چارەسەری کێشە هەڵپەسەردراوەکان و جێختیشی لەسەر پابەندبوون بە دەستوور و تەنازول کردن بە بەرژەوەندی گشتی وەك بنەمایەکی جێگیر کردەوە بە گفتوگۆیەکان و دووپاتی کردەوە کە پێویستە مافی فەرمانبەران و جوتیاران لە هەموو عێراق پارێزراو بێت.
لەووی ناوچەکە، سەماحەتی حەکیم قەناعەتی خۆی بە گرنگی گفتوگۆیە بەردەوامەکان لەنێوان کەماری ئیسلامی ئێران و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەربری و ئاماژەی کرد کە عیراق زۆر پالپشتی ئەو جۆرە گفتوگۆیانە دەکات و جێختی کردەوە لەسەر سەقامگیری سووریا و زەمانەتی بەشداری کردنی هەموو پێکهاتەکانی گەلی سووریا لە دیاریکردنی چارەنووسی ولاتی خۆیان.